www.kurdistannet.org
27-2-2006 11:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان عیماد ئەحمەد و دانا ئەحمەد مجید .. ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ...

دکتۆرە دلخواز مارف سعید

سلاو و ڕێز

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ی 2006/2/27 لە لاپەڕە 3 دا، خەبەری سەردانی جێگری سەرۆك وەزیرانی سلێمانی بۆ دیوانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڵاوکردەوە، هەر چەندە ئەم سەردانە درەنگ وەخت بوو، بەڵام خێری پێوە بوو، الحمدوللە ئەنجومەنی پارێزگا بون بە خاوەنی بودجە.

لە ڕاستیدا ئەوەی کە دەمەوێ باسی بکەم نە بودجەیە و نە کاك عیمادە.. بەڵکو زۆربەمان سەرمان سوڕماوە لەوەی کە بۆ کاك عیماد چاوی بە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا نەکەوتوە؟ تەنها کاك دانا و جێگرەکەی بینیوە، ئایا ئەمە هەڵەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، ؟یان.... .... لە هەمان کاتدا دوبارەی ئەکەمەوە کە دەبوایە کاك عیماد یان هەر بەرپرسێکی تری حکومی کە سەردانی ئەنجومەن ئەکات، پێش وەخت سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن ئاگادار بکردایەتەوە، وگفتوگۆی لەگەڵدا بکردنایە، چونکە ئەم بەڕێزانە نوێنەری سنوری پارێزگای سلێمانییین و بەگەر خستنی ئەو بودجەیەش بۆ خزمەتگوزارییەکان هەر ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت، نەك کاك دانا (پارێزگاری سلێمانی) .. وانی یە بەڕێزان؟؟؟

دکتۆرە دلخواز مارف سعید
2006/2/27